# یادی سەد ساڵەی رۆژی جیهانی ژن لە بریتانیا

ئێوارەی روژی یەکشەممە ٩ی مانگی مارسی ٢٠٠٨ی زائینی, بۆ رێز گرتن لەروژی ٨ی مارس و مێژووەکەی و هەروەها بە مەبەستی دەربرینی هاوپشتی خەباتکارانە لە گەل هەموو ژنانی دونیا و بە تایبەت ژنانی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان, رێ و رەسمێک بە بەشداری کۆمەڵێک لە ژنان و پیاوانی تێکوشەر و ئازادیخواز لە هۆڵی مەڵبەندی روشنبیری لە شاری لەندەن بە ڕێوە چوو. ئەم پڕوگرامە لە لایەن "پڕوژەی ژنی کورد" و رێکخراوی"مافی ژنی کورد,مافی مروڤ" و بە هاوکاری و پشتیوانی "کۆمەڵگای یەکگرتووی کوردی روژهەڵات" رێکخرابوو.

پرۆگرامەکە بە شێعرێکی مەهاباد قەرەداخی بە نێوی "سووتان" کرایەوە کە لە لایەن پرشنگی بلووری ئەندامی رێکخراوی "مافی ژنی کورد, مافی مروڤ" وەکو بەرێوەبەری ئاهەنگەکە خوێنرایەوە. پاش بەخێرهاتن و راگەیاندنی ریزی بەرنامە بۆ رێز گرتن لە یادی هەموو گیانبەخت کردووانی رێگای ئازادی مروڤ یەک دەقیقە بێدەنگی راگەیاندرا. پاشان لە لایەن یەکێک لە چالاکانی رێکخراوی "مافی ژنی کورد,مافی مروڤ"ەو خاتوو بەهاری زەندی، پەیامی ئەم رێکخراوەیە بە بۆنەی رۆژی جیهانی ژن خوێندرایەوە. دوواتر هونەرمەند گەوهەری فەیزی ئەندامی پڕوژەی ژنی کورد هۆنراوەیەکی خۆی بە نێوی"ژن" خوێندەوە. هۆنراوەکە کە لە سەر توندوتیژی بەرانبەر بە ژنان بوو لە لایەن بەشدار بووانەوە بە گەرمی وەرگیرا. گەوهەر پاشان سروودێکی پێشکەش کرد بە نێوی "پێشمەرگە" کە هۆنراوەی عەزیمەی فەیزیە و بە موزیکی کاک یوسف ئەفراسیابی رازابووەوە. دوای ئەم بەشەی لە بەرنامەکە پانێلی باس و لێدوان لە سەر "بارودوخی ژنان لە پارچەکانی کوردوستان" بە بەشداری کوردە ئیسماعیل عارف، شەهلا حەیدەری و بەرێوبەری مونیرەی موفتیزادە ئەندامانی "پرۆژەی ژنی کورد" دەستی پێ کرد. بەشدارانی پانێلەکە بوارەکانی جوربەجوری بێمافی ژنان لە کوردستان بە تایبەت لە باشوور و روژهەڵاتیان خستە بەر باس و لێکوڵینەوە و جەختیان لە سەر بەرێوە بردنی یاسا وەکو یەکێ لە رێگاکانی بەرز بوونەوەی ئاستی فەرهەنگی ئینسانی کرد و وتیان کە چون لە نەبوونی یاسای بەرابەر و شیاو مافەکانی ژن لەم دوو کومەڵگایە و لە هەر یەکیان بە

جورێک، پێ شێل دەکرێ و لە ژێر گوشاری "سوننەت و نەریتدا" دەسکەوتە مەدەنی و یاساییەکان دەکەونە پەراوێزوە. هەروەها لە بەشی کوردستانی روژهەلأت مێژووی خەبات و لێ بووردوویی ژنان لە 29 ساڵی رابردوودا یاد لێ کرا. ئەم بەرێزانە لە قسە وباسەکانیاندا هەوڵیان دا کە رێگای تێ پەڕ بوون لەم بارودوخە بۆ ژنان بخەنە بەر سەرنجی هەمووان. هەروەها لە کوتایی بەشی هەوەڵی بەنامەکەدا کاک سەعیدی شەمس لە لایەن"کۆمەڵگای یەکگرتووی کوردی رۆژهەلأت لە بریتانیا، وتەیەکی سەبارەت بە بارودوخی ژیانی ژنان لە رۆژهەلأت و باشوور پێشکەش کرد کە تێدا ئاماژە بە جیاوازیەکانی روخساری "پیاومەزنی" لە هەر دوو بەش کرا و بەرێزی لایەنەکانی کۆیلەتی و هەلأواردنی جینسی لە سەر ژنانی لە کومەڵگای کوردستان روون کردەوە. ئەم بەشە لە بەرنامەکە بە پرسیاری بەشداربووان و وڵامدانەوەی ئەندامانی پانێلەکە، کوتایی پێ هات.

پاش ماوەیەک پشوودان بەشی دووەمی بەرنامەکە بە خوێندنەوەی پەیامی ژنە روناکبیر و شاعیری کورد، "سیمینی چایچی" کە لە کوردستانی رۆژهەلأت لە قسە کردن و چالاکی لە ٨ی مارسدا مەنع کرابوو و هەر بەم هەیەوە پەیامەکەی خۆی بە نێوی "سەرۆکی کۆمیتەی ژنانی نووسەری "پ ن ی" کورد" بە تایبەت بۆ ئەم رێورەسمەی ئێمە ناردبوو,درێژەی پێدرا و یەکێک لە شیعرەکانی سیمین بە نێوی "یەک و یەک ئەبێنە یەک" لە لایەن خاتوو ناهیدی رەحیمیەوە پێشکەش بە ئامادەبووان کرا. "نارین ئەفراسیابی" کچە گەنجی بەشدار بووی ئاهەنگی ٨ی مارس شیعری "من ژنێکم" هۆنراوەی ژنە شاعێریکی ئەفریقی بە زمانی ئینگلیزی خوێندەوە. دوواتر دەنگی بە سۆز و پڕ لە هەستی ژنە هۆنەرمەندی خۆشەویست "شەهین تالەبانی" ئەم بەشە لە بەرنامەکەمانی زیاتر رازاندەوە. خاتوو شەهین پاش پێشکەش کردنی پیروزبایی بە بۆنەی ٨ی مارس روژی جیهانی ژن و ئارەزووی سەرکەوتن بۆ هەموو ژنان، بە کوتنی گۆرانی"لەورۆژەوە" هەستی هەموو بەشداربووانی هەژاند و لەم رێگایەوە یادی لە ژنە هونەرمەند مەرزییەی فەریقی کرد کە قەول وا بوو ئەم شیعرە کاتی خۆی بە گۆرانی بلێتەوە بەلأم بە داخەوە مەرگ مەودای پیێ نەدا. پاشان کاک" فەرەیدوونی مەعرووفی" چالاک و هەڵسووڕاوی سیاسی دوو پارچە شیعری کورتی بە بۆنەی ئەم روژە پیرۆزەوە پێشکەش کرد. بەشی کۆتایی ئاهەنگەکە بە گورانی و

هەڵپـــەرکێ رازایـــەوە و تـــا درەنگـــان لـــە نێـــۆ شـــایی و خۆشـــی بەشـــداربوواندا ئاهـــەنگی رۆژی ژن و یـــاد لـــە ســـەد ســـاڵ خـــەبات و چـــالاکی ژنان کۆتایی پێ هات.

## بەڕێوبەرانی یادی سەد ساڵەی رۆژی جیهانی ژن لە بریتانیا

## مارسی ٢٠٠٨







2008.03.09







